**تەخمیسی غەزەلی نالی لە مامۆستا حەقیقی**

لە شوعلەی رووی کەمەرچین زێڕ و زێوان
چ زەهرەی زوهرە و کەیوان کە بێ وان
شوعاعی میهر و مەه لاچوو لە نێوان
لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان

لەبەر ئەبرۆی کەوان و تیری سەرژێت
هیلال ئەوشۆ بەخۆی گوت تەنگ ئەبێ جێت
خزی رووبەند و کاتێ کەوتە بەر پێت
لەخەوفی تەلعەتت رۆژ هەر وەکوو شێت
بەرووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

شەمیمی عەتری زولفت عەینی شەوبۆ
شکاندی پشتی گوڵ خونچەی دەمی تۆ
نیگارم وەک گوڵە هەم رەنگە هەم بۆ
مەکە مەنعی پەشێوی دڵ کە ئەمشۆ
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان

دوو زولفی عەنبەرینی نافە میشکن
دوو چاوی مەستی بیمار و پزیشکن
لە چاو من جۆیبار و جۆگە ویشکن
دوو چاوی من کە وا کەیلی سریشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێ بە پێوان

بە ئوممێدی قەدی نەورەس نیهالی
قەسەمخۆرە حەقیقی بۆ ویسالی
کەبەو دوو نەرگیسی چاوی خەزالی
شەرابی لەعلی روممانی لە نالی
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

قوڵقوڵە 1311 ی هەتاوی